# له ناو ماچی نا دیارتا دەتوێمەوە

فرمێسک مستەفا

چەشنی سەراب
لەتوولەڕێی پەنجەکانمەوە تێپەڕ بوو
خەتەکانی ناو لەپمی خوێندەوە
هەروەک  ناو لەپم
بەگەرووی یادەوەریەکاندا
ڕەتبوو ..
ڕژایە شەوگارە دوورودرێژەکانی
وەرزەکانم
پەلکەزێڕینەیەکی حەوت ڕەنگ بوو
لەدوای چوار لێزمە بارانەوە
هەڵهاتبوو
لەگەڵ خۆیدا گوڵی پەمەیی و
ئێوارەی ئەرخەوانی هەڵگرتبوو
ئەفسانەی حەوت شەوی زستان و
هاوینە درێژەکانی ماد بوو
ناو نیشانی .. دووچاوی قەرسیلی
ناسنامەی .. ئامێزێکی هەڵاتوو
لەودیوو پەنجەرەی چاوەڕوانی
بۆنی دەکەم و
لەبەر دەرگای بێهودەیدا سەوز دە بم
بە باڵای سنەوبەرە هەڵڵەرزیوەکانی
تەمەنمدا هەڵدەکەم
لە ناو کرێوەو سەهۆڵ بەندانی
سبەیدا
بۆی دەگەڕێم
دەبێتە تەم

ئۆقرە ناگرێت

لەبیابانێکدا
چەشنی سەراب
لەتولەڕێی پەنجەکانمەوە
تێپەر دەبێتەوە
دەچێتە وە ناو هەناوی
بیرەوەریەکانمەوە
لەسەر لێوەکانم
پەمەیی دەبێتەوە ..و..
لەناو ماچێکی نادیاریدا
دەم تونێتەوە......

2007/12/27